https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.8

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# سیمۆلۆژیای کلتوور لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەلقیس)ی جەبار جەمال غەریبدا

پ. ی. د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی          ئالا سلیمان سمایل

زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان          زانکۆی سۆران فاکەڵتیی پەروەردە

sangarhaci@gmail.com          ala.bapir@gmail.com

**پوختە**

(**سیمۆلۆژیای کلتوور لە ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەلقیسی جەبار جەمال غەریبدا**) ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەی بەردەستە کە تێیدا چەمکی سیمۆلۆژیای کلتوور ڕوونکراوەتەوە و دواتر ئەو پەیوەندییانە خراونەتەڕوو کە سیمۆلۆژیای کلتوور و دەقی ئەدەبی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و لەوێدا گرنگترین توخم زەقکراوەتەوە کە زمانە کە لە نێوان هەردووکیاندا هاوبەشە. لە تەوەرێکی دیکەدا، گرنگترین ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە ڕیزکراون و شرۆڤەکراون کە سیمۆلۆژیای کلتوور وەکو بنەمایەک دایناون و لە ڕێگەیانەوە کاری ئەدەبی و سیم و نیشانەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکانی پێ دەخوێنێتەوە، لەوانە پشتبەستن بە دووانەی دژ و باوەڕبوون بە چەقنەبەستوویی و فرەواتایی دەق و نەبوونی سیستەمێکی جێگیر و چەسپاو بۆ نیشانەکان... هتد.

هەروەها لە ڕووی پراکتیکیشەوە دوو تەوەرەی سەرەکی هەن، کە یەکەمیان لەبارەی نیشانە کلتوورییە لۆکاڵییەکانی ناو ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەلقیسە و تەوەرەکەی تریش لەبارەی ئەو کلتوورانەیە کە لە ناو کلتووری زۆرینەی نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی هەن و ناونراوە کلتووری گەردوونی، کە بێگومان سیم و نیشانەکانی هەردوو جۆرە کلتوورەکە لە ڕۆمانەکەدا هەن.

**وشە کلیلییەکان**: (سیمۆلۆژیای کلتوور، دەق، کلتوور، نیشانە، سەردەمی گریانی بەلقیس)

## سیمۆلۆژیای کلتوور لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەلقیس)ی جەبار جەمال غەریبدا

### پێشەکی:

سیمۆلۆژیا دەروازەیەکی نوێ و فراوانە بۆ کارکردن لە ڕێگەیەوە لەبارەی ئەدەبیات، بەڵام تا ئێستا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بەکاری ئەکادیمی و غەیرە ئەکادیمییەوە، بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە و بە هەموو ئەو لق و پۆپ و قوتابخانانەی لە سیمۆلۆژیا بوونەتەوە، ئەو نامە و توێژینەوانەی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لەبارەیانەوە نووسراون، لە پەنجەی دەست تێناپەڕن. ئەمە لە کاتێکدایە سیمۆلۆژیا گیانێکی نوێ بەبەر دەقە نوێ و کۆنەکاندا دەکاتەوە و واتا و جوانی نوێیان لێ هەڵدەهێنجێ.

سیمۆلۆژیای کلتوور کار لەبارەی هەر نیشانەیەک دەکات کە لە توێی دەقێکدا بەکارهاتووە و واتا ئاشکرا و نهێنییەکانی لێکدەداتەوە و ڕۆڵی لە بازنە کلتوورییە دیاریکراوەکەی دەخاتەڕوو و ئەوەشمان پێ دەڵێت داخۆ کلتوورەکە کلتوورێکی لۆکاڵییە یان گەردوونی.

ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریب بە گشتی و ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەلقیس بە تایبەتی کەرستەی گونجاون بۆ ئەوەی لە ڕووی سیمۆلۆژیای کلتوورەوە کاریان لەبارەوە بکرێ، چونکە نزیکییەکی باشیان لە واقیع هەیە و هەر ئەوەشە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە **(سیمۆلۆژیای کلتوور لە ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەلقیسی جەبار جەمال غەریبدا).**

## ١- چەمک و چیەتی سیمۆلۆژیای کلتوور

### ١-١چەمک و زاراوە و پێناسەی سیمۆلۆژیای کلتوور:

سیمۆلۆژیای کلتوور، هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە لەناو ژینگەی خودی کلتووردا کاردەکات "لە سیمۆلۆژیای کلتووردا، کلتووری فەرهەنگی واتادار بەرانبەر بە سروشتی بێواتا دەوەستێتەوە" ( رجبی، ١٣٩٤: ٢). سیمۆلۆژیای کلتوور میکانیزمی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە واتای هەموو ئەو ڕەمز و هێما و ئاماژانەی کە لە کلتووری کۆمەڵگایەکدا هەن.

ئاڕاستە یاخود قوتابخانەی سیمۆلۆژیای کلتوور بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی (یوری لۆتمان)ی ڕوسی بنیادنرا،" یوری لۆتمان دیارترین فۆڕمالیستی ڕووسی بوو کە بایەخی بە سیمۆلۆژیای کلتوور دا. سەرەڕای بایەخدانی بە بنیادتی دەقی هونەری بە تایبەت کە لۆتمان ئەندامێکی گرنگی قوتابخانەی تارتۆ(Tartu) بوو، لە گرنگترین کتێبەکانی، نیشانەی گەردوون_سیمیاء الكون، تەقینەوەی کلتوور_انفجار الثقافة، بنیاتی دەقی هونەری_بنية النص الفني" (حمداوی،٢٠١٤).

(لۆتمان) لە سەرەتادا کۆمەڵێک تیۆری لەبارەی سیمۆلۆژیای کلتووری ڕووسی دەنووسێتەوە و تێیدا باس لە ڕەنگدانەوەی کلتوور لەسەر تاکەکان دەکات، ئەو لە وتاری سیمۆلۆژیای کلتوور و تێگەیشتنی دەقدا دەڵێت: "تێگەیشتن و دۆزینەوەی هێما و ڕاڤەی هێماکان لە دەقدا دەگەڕێتەوە بۆ پێنج پەیوەندی:

١-پەیوەندیی نێوان قسەکەر و وەرگر.

٢-پەیوەندیی نێوان وەرگر و دابی کلتووری.

٣-پەیوەندیی نێوان خوێنەر و خود.

٤-پەیوەندیی نێوان خوێنەر و دەق.

٥-پەیوەندیی نێوان دەق و دابی کلتووری" (لوتمان،١٣٩٠: ٢٧).

ئەگەر بە وردی لە بۆچوونەکانی لۆتمان وردبینەوە، دەبینین فۆکۆسی لەسەر دەق بووە لە چوارچێوەی کلتووردا، لای ئەو "دەق ڕەهەندێکی سیمیایی و کلتووری وەردەگرێت کە لەسەر گفتوگۆ و تێکچڕژانی دەقەکان لەناو گەردوونێکی سیمیایی دیاریکراودا بنیتنراوە" (حمداوی، ٢٠١٤. )، لۆتمان لەبارەی زمان و پەیوەندی بە کلتووریشەوە چەند سەرنج و تێڕوانینێکی هەیە، بە بڕوای ئەو "ناتوانین زمانەکان لە کلتوور جیابکەینەوە، زمان بەشێکە لە کلتوور و قابیلیەتی جیابوونەوەی نییە، هیچ زمانێک ناتوانێت هەبێت تاوەکو لە مەرکەزیەتی خۆیدا بنیادێکی سروشتی نەبێت، ژینگەی واقیعی زمان خودی کلتوورە" ( لوتمان، ١٣٩٠: ٤٥).

هەرچی زاراوەی سیمۆلۆژیای کلتوورە دەشێت بڵێین کاتێک بەکارهات کە (ئێرنێست کاسیرەر) بەشێک لە سیستەمە نیشانەییەکانی وەکو هێما ناساند و بانگەشەی ئەوەی کرد جۆری هێماکانی هەر کۆمەڵگەیەک، کلتووری ئەو کۆمەڵگەیە پێکدەهێنن" (لوتمان،١٣٩٠: ٢٩٥)، بە بڕوای کاسێرەر سیمۆلۆژیای کلتوور دوو جۆر ئەرک دەبینێت:

"١- خوێندنەوەی سیستەمە نیشانەییەکان لەناو کلتوورێکدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵەی کە لە کلتوورەکەدا هەیەتی.

٢-خوێندنەوەی کەلتوور وەک سیستەمێکی نیشانەیی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سوود و زیانانەی کە دەشێ بە تاک بگەن لە ئەنجامی پەیوەستبوون بە کلتوورێکی دیاریکراو" (رجبی،١٣٩٤:١٥).

ئەمە بەم واتایە دێت نیشانەکان لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر جیاوازن، سەرباری ئەوەی زۆر جار دەکرێ یەک نیشانە لە چەند کلتوورێکدا هەڵگری هەمان واتا بێت، جا ئەم کلتوورانە لەیەکتری دوور بن یان نزیک.

**١-٢ سیمۆلۆژیا و کلتوور:**

کلتوور کۆمەڵێک تایبەتمەندیی مادی و مەعنەوی و هەستی و هزری کۆمەڵگایە کە هونەر، ئەدەب، شێوازی ژیان، بەها و باوەڕ و نەریتەکان...هتد لەخۆدەگرێ، واتاکانی کلتوور بە درێژایی مێژوو دووچاری گەلێک گۆڕانکاری هاتوون "لە میانەی گۆڕانکارییەکانی واتاکانی کلتوور بە گشتی کۆمەڵێک شێواز و مۆدێلی جیاجیا بەرهەمهاتوون" (یورگان،١٣٨٨: ٢٩١).

نیشانە و هێما کلتوورییەکان بە دەسکەوتی کلتووری، ژینگەیی، مێژوویی هەر کۆمەڵگایەک دێنە هەژمار، وەک دەزانرێت لە هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکان، بە زۆر قۆناغی مێژوویدا تێپەڕیون. زۆرجار ئەو هێما کلتوورییانە تووشی لەناوچوون هاتوون و زۆر جاریش بە بەرزی ماونەتەوە، کلتوور ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە مانەوە و لەناوچوونی هێما و نیشانە کلتوورییەکاندا دەبینێت، لایەنی ژینگەیی و شوێنی جوگرافیش بە هەمان شێوە ڕۆڵ دەبینن لە پێکهاتەی کلتووری هەر کۆمەڵگایەک "ئەگەر فەزای جوگرافی لە سەدەکانی ناوەڕاست، فەزایەکی کلتووری و ئاینی و ئەخلاقی بێت، ئەوا فەزا لە سەردەمی هاوچەرخ فەزایەکی واقیعی و مادییە و لەسەر شار بنیاددەنرێت، بەم شێوەیەش ماڵ و خانوو ڕەهەندێکی سیمۆتیکی کلتووری وەردەگرێت" (حمداوی،٢٠١٤. ).

دەتوانین ئەوە بڵێین کە شوێنی جوگرافی و ژینگەی کۆمەڵگا کاریگەریی زۆری لەسەر چۆنییەتی خوو، ئاکار، ڕەفتارەکانی تاکەکانی

ئەو کۆمەڵگایە و تەنانەت جۆر و شێوازی هێما و نیشانە کلتوورییەکانیش هەیە، بۆ نموونە کۆمەڵگایەک کە لە ژینگەیەکی وشک و بیابانی دەژین تاکەکانی خاوەن سروشتێکی ڕەق و سەرسەختترن بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگایەک کە خاوەن سروشتێکی باراناوی و سەوزە.

سیمۆلۆژیای کلتوور لەبارەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان کلتوور و کۆمەڵگا و دروستبوونی کلتوور جەخت لەسەر سێ زەمینەی پێکەوەگرێدراو دەکاتەوە:"

١-سنوورەکانی هەر کلتوورێک لە پەیوەندی لەگەڵ بنیادی سروشتی خۆی، بە یارمەتی ئەو سیستەمە نیشانەییانەی کە لەلایەن مرۆڤەوە ئاڕاستەدەکرێن، دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو کلتوورە.

٢-سنوورەکانی هەر کلتوورێک دەبێت کۆمەڵێک پێداویستیی مەرجداری هەبێت، بۆ ئەوەی کلتوورێک دروستببێت جیاواز لە کلتوورەکانی دیکە.

٣-ئەو ڕێچکە و بنیادانەی کە باس لە کلتوورە لۆکاڵییەکان دەکەن، پەیوەندیی نێوان کلتوورە لۆکاڵییەکان و کلتووری گشتی بە سیستماتیک دەکەن" (یورگان،١٣٨٨: ٢٦٢)

گشت ئەو ڕێچکە و ئامرازانەی کە بتوانن کاریگەرییان لەسەر کلتوور هەبێت دەتوانن کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی نیشانەی نوێش هەبێت لە کلتووردا، بۆ نموونە ڕۆڵی ئاین و ڕێکارە دینییەکان یەکێکە لەو ئامرازانەی کە لە سیمۆلۆژیای کلتووردا گەلێک جەختی لەسەر دەکرێتەوە، چونکە "ئاین خاوەن کاریگەرییەکی قووڵە لەسەر شێوازی تێڕوانین و تەنانەت ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیش کە بە شێوەیەکی سروشتی ڕۆڵ دەبینێت لە کلتوورسازی ڕەفتارێکی دیاریکراو" (رجبی،١٣٩٤: ١٧)، کەواتە

سوودوەرگرتن لە ڕەمز و هێما ئاینییەکان بۆ گەیاندنی مەبەستێکی تایبەتی بە تاکەکانی داهاتوو بابەتێکی ڕوونە.

ئەوە ئاشکرایە کە کلتوور بەپێی قۆناغەکان جیاوازی تێدەکەوێت و ئامرازەکانیش زۆرن کە کاریگەرییان لەسەر کلتوور هەیە "هەموو قۆناغێکی مێژوویی شێوازێکی کلتووری تایبەت بەخۆی دادەهێنێ و پێی جیادەکرێتەوە" (قاسم، ٢٠١٤: ٣٣١).

لەگەڵ ئەوەی کە کلتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە ناخی کۆمەڵگادا هەڵدەقولێت، کەچی "ئەوە ڕەتناکاتەوە کە دەکرێت کلتوور سروشتێکی تاکە کەسیشی هەبێت" (قاسم،٣٣٣:٢٠١٤)، بۆیە لەم بارەیەوە (دیچز) دەڵێت: "تاکەکان دەتوانن تێڕوانینی جیاوزیان هەبێت، وەک ڕوانین بۆ عەشق، سروشت، هاوڕێیەتی، وەفاداری...، دەبینین زۆر جار شێوازی ڕوانینی تاک لەم دیاردانە پێچەوانەی کلتووری سەردەمە" (دیچز،١٣٧٩: ٥٨٦).

هەرچەند تاکەکان دەتوانن هەڵگری هەندێک تایبەتمەندیی جیاواز بن لە نیشانە کلتوورییەکاندا، بەڵام لەناو هەندێک لە میللەتاندا شێوازی ژیان و کلتوور و نیشانە و هێماکان وەکو خۆیان دەمێننەوە و دەستکاری ناکرێن و دەرگا بەسەر هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە کلتورەکەیاندا دادەخەن.

"سیمۆلۆژیای کلتوور یان کلتوورەکان لێکۆڵینەوەیە لە سیستەمی کلتووری کە پێکدێت لە نیشانە و ئایکۆن و ئاماژە هێماییە زمانی و بینراوەکان، بە مەبەستی وەدەستخستنی واتای کلتووریی ڕاستەقینە لەناو کۆمەڵگا و دەستنیشانکردنی دەلالەتە هێمایی و ئەنترۆپۆلۆژی و فەلسەفی و ئەخلاقییەکان"(حمداوی،٢٠١٤. )، کەواتە لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا تاک لەسەر بنەمای سیستەمێکی سیمۆلۆژی و هێما و ئاماژەی واتادار لەناو

کلتووری کۆمەڵگاکەدا ڕەفتار دەکات، ئەو سیستەمە سیمۆلۆژییەش لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە، بەهۆی بوونی جیاوازی لە کلتوورەکەیاندا، تەنانەت دەتوانین بڵێین لەناو یەک کلتووریشدا هەندێک جار جیاوازی بەدیدەکرێت.

لەناو سیستەمی سیمۆلۆژیی هەر کلتوورێکدا کۆمەڵێک نیشانە هەیە کە تەنیا بۆ تاکەکانی سەر بەو کلتوورە واتادار دەبن، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو نەریت و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگا پێشتر لەسەری ڕێککەوتوون.

## ١-٣ تایبەتمەندییەکانی سیمۆلۆژیای کلتوور:

سیمۆلۆژیای کلتوور وەک هەر جۆرێکی دیکەی سیمۆلۆژیا خاوەن تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیەتی و هەر ئەو تایبەتمەندییانەشن دەبنە بنەمای سەرەکی و بنیادێک بۆ کاری لێکدانەوەی دیاردە و ڕەفتارە جۆراوجۆرەکان لە دەقە ئەدەبییەکاندا.

لێرەدا بەشێک لە گرنگترین ئەو تایبەتیمەندییانە دەخەینە بەر چاو کە ئەمانەن:

**یەکەم:** لەهەر لێکدانەوە و ڕاڤەیەکی کلتووریدا پشت بە دوو جەمسەری، یاخود دووانەی دژ دەبەسترێت، بەو پێیەی "بەیەکگەیشتنی کلتووری هەیە لە نێوان ڕاست و چەپ، زیندوو و مردوو، نێر و مێ، بەرز و نزم" (حمداوی،٢٠١٤. )

ئەمەش بە واتای ئەوە دێت لە هەر کلتوورێکدا نیشانەکان لە چوارچێوەی ئاڕاستەیەکی دوو جەمسەری واتا وەردەگرن و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان جەمسەرەکانیشدا هەیە زۆربەی کات پەیوەندییەکی تەواوکارییە، بەو واتایەی هەبوونی جەمسەرێک ئەگەر بوونیش نەداتە

جەمسەرەکەی دیکە، ئەوا ناسینی دەبێتە هۆی ئاسانتر ناسینی جەمسەرەکەی دیکە، با ئەمە بە نموونەیەک ڕوون بکەینەوە، چاکە و خراپە دژی یەکن، بەڵام لە هەمانکاتدا تەواوکەری یەکیشن، بەو واتایەی مەرج نییە ئەگەر چاکە نەبێ، ئەوا خراپەش نابێ، بەڵام ناسینی چاکە کە جەمسەرێکە وامان لێدەکات جەمسەری دووەم کە خراپەیە باشتر بناسین، چونکە ئەوەی لە جەمسەری چاکەدا جێی دەبێتەوە، لە جەمسەری خراپەدا شوێنی نییە و بە پێچەوانەشەوە، بۆیە کاتێک دەزانین چاکییەکان چین، ئەوا نیوەی ڕێگا دەبڕین و دەزانین نابێت چاکەکان لەگەڵ خراپەکان پۆلینبکەین.

**دووەم:** لە لێکدانەوە سیمۆلۆژییە کلتوورییەکاندا دەق واتایەکی چەقیوی نییە و بەردەوام واتای نوێی بۆ پەیدادەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی "هەموو دەقێکی کلتووری دابەشی سەر چەند دەقێکی تر دەبێت و هەر دەقێکیش لەمان چەند لقێکی لێدەبێتەوە و ئیتر بەم شێوەیە بەردەوامدەبێت" (حمداوی، ٢٠١٤)، بۆ نموونە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەگوێرەی کلتوورەکان واتای جیاواز بەدەستەوە دەدات و وەک چەند دەقێک لێی دەڕوانرێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا دەقەکان جارێکی تر لە ڕوانگەی کلتوورەکان جیاواز دەردەکەون، ئیتر ئەم کردارە بەردەوامدەبێت و بێ کۆتاییە. ئەمەش مانای وایە هەموو دەقێک لە چەند بازنەیەک پێکدێت کە دەکرێت بڵێین هەر وشە یان دەربڕین یان فیکرەیەک بە بازنەیەک هەژماردەکرێت و ئیتر ئەو بازنانە هەریەکەیان پەیامێکی کلتووریی جیاوازمان دەدەنێ و بێگومان دەلالەتی بازنەکانیش لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە و لە کلتوورێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت و بەمەش واتای جیاوازمان دەداتێ. بەهەمان شێوە گۆڕانی سەردەم و کۆمەڵگە و بەها کلتوورییەکان کاریگەرییان لەسەر نەمریی دەق دەبێت، بەو واتایەی بازنەیەک کە لە سەردەمی نووسینی دەقەکەدا

واتایەکی هەبووە، ڕەنگە دوای ئەوەی ماوەیەک بەسەر نووسینی دەقەکەدا تێدەپەڕێت و خوێنەری دەگۆڕێن، دەلالەتی بازنەکانیش دەگۆڕێن.

**سێیەم:** پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان زمان و کلتووردا هەیە، بە جۆرێک هیچ یەکێکیان بێ ئەوەیدی گەشە ناکات و بەهێز نابێت، بۆیە دەگوترێ "زمانەکان وەرەسەی کلتورەکانن و مەحاڵە لە یەکتری جیابکرێنەوە" (رجبی،١٣٩٤:١٦)، واتە کلتوورەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ زیندوو مانەوەی زمانەکان، کلتووری دەوڵەمەند هەوێنی زمانێکی دەوڵەمەندیشە. هەم زمان کاریگەریی دیاری لەسەر کلتوور هەیە و هەمیش کلتوور لەسەر زمان، ئەگەر کۆمەڵگایەک پابەندی کلتوور بێت و لادان لە کلتووری باو بە کارێکی سەخت و ناپەسند بزانێت، ئەوا زمانی ئەو کۆمەڵگایەش پڕ دەبێت لە تابۆ و ئاخێوەرانی پابەند دەبن و ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان ئەوەی بەسەر زاریاندا دێت دەرببڕن، چونکە کۆت و بەندی کلتووری و کۆمەڵایەتی دەبێتە کۆت و بەندی زمانیش، لێرەشەوەیە کە بازنەی تابۆکانی زمانێک لە یەکێکی دیکە جیاوازن، چونکە مەرج نییە ئەوەی لە کلتوورێک تابۆ بێت، لە کلتوورێکی دیکەش بە هەمان شێوە بێت.

**چوارەم:** سیستەمە نیشانەییەکان تایبەتمەندییەکی چەسپاویان نییە، بەو پێیەی جیاوازیی بۆچوون لە کلتوورێک بۆ کلتوورێکی تر هەیە بەرانبەر بە نیشانەکان، لەم بارەوە "پێشەنگانی سیمۆلۆژیای کلتوور پێداگرن لەسەر ئەوەی هیچ سیستەمێکی نیشانەیی سەربەخۆ نییە، بەڵکو لەو پەیوەندییە دەگەڕێن کە سیستەمەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئینجا ئەو پەیوەندییە لەناو یەک کلتووردا بێت یاخود لە کلتوورە جیاوازەکاندا" (خۆشناو،٢٠١٦: ٢١).

ئەم پێداگرییەی بیرمەندانی سیمۆلۆژیای کلتوور لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە بەدوای خاڵی هاوبەشی کلتوورەکاندا دەگەڕێن سەبارەت بە

سیستەمە نیشانەییەکان، بەڵام هێشتا کلتوور هەن تایبەتمەندییە نیشانەییەکانی خۆیان دەپارێزن و زۆرجار خودی نیشانەکە ناتوانێت لە نیشانەیەکی لۆکاڵییەوە ببێتە نیشانەیەکی گەردوونی و هەموو لێی تێبگەن، یان پەسندی بکەن.

**پێنجەم:** یەکێکی تر لە ئەدگارەکانی سیمۆلۆژیای کلتوور خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەدوای دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییانەدا دەگەڕێن کە دەبنە بنەما پێکهێنەرەکانی پێکهێنانی حەقیقەتێک لەناو کلتووردا کە ئەمەش بەتەنیا پشت ئەستوور نییە بەوەی "کلتوور هەر بە سیستەمێک لە نیشانەکان دابنێت، بەڵکو جەخت لەسەر پەیوەندیی کلتوور بە نیشانە و دەلالەتیش دەکەنەوە کە لە ڕاستیدا یەکێکە لە شەنگستە و بنەماکانی کلتوور" (قاسم،٢٠١٤: ٣٣٧).

ئەمەش بە واتای ئەوە دێت لێکۆڵینەوە سیمۆلۆژییەکان بەدوای ئەو پەیوەندییەدا دەگەڕێن کە لە نێوان کلتوور و نیشانەکاندا هەیە و حەقیقەتێک لە نێو کلتووردا دەسەپێنن، ئەمەش بە مانای ئەوەی ئەو واتایەی نیشانەیەک دەیگەیەنێت لای ئاخێوەرانی زمانێک، دەبێتە بەشێک لە حەقیقەت، چونکە باوەڕ بە واتاکەی دەکەن و پێیانوایە ئەو هێمایە ئەو واتایە دەیگەیەنێت.

**شەشەم:** تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەیە کە کار لەسەر چنینی گێڕانەوە دەکات و بەم کارەش چوارچێوەیەکی دیاریکراو بە بەرهەمی ئەدەبی دەبەخشێت، ئەوەش بە جۆرێک کە کار دەکەوێتە دەست پاڵەوانی سەرەکیی دەقەکە و کاراکتەرەکانی تر ئەم ئەرکەیان پێ ناسپێردرێت، واتە "چنینی گێڕانەوە بریتییە لە بڕینی سنووری فەزای کلتوورێکی تایبەت بەرەو چوارچێوەیەکی کلتووری دیکە" (حمداوی،٢٠١٤. )، کردارەکە تەنیا پاڵەوانی دەقەکە ئەنجامیدەدات، هەر بۆیە پاڵەوان دەبێت ئەو توانایەی هەبێت لە فەزای کلتوورێک بەرەو فەزای کلتوورێکی دیکە هەنگاوبنێت.

**حەوتەم:** یەکێکی تر لە شەنگستەکانی سیمۆلۆژیای کلتوور بوونی تایبەتمەندییەکی دینامیکی و جوڵاوە کە ڕێگە لەبەردەم فراوانبوونی کلتوورەکان خۆش دەکات، واتە "دینامیکییەتی ڕەگەزەکانی سیمۆلۆژیا لە کلتوور، بە توندی بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەستراوەتەوە" (قاسم،٢٠١٤: ٣٤٤). ئەم کردارەش بەستراوەتەوە بەوەی تا چەند کلتوورەکان ئاگاداری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیاجیاکانی جیهانن، کە کۆی ئەم چالاکییانەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر جوڵەی نیشانە کلتوورییەکان.

**هەشتەم:** هەر کلتوورێک خاوەن زەمینەی تایبەت و جیاکەرەوەی خۆیەتی کە لە تەواوی کلتوورەکانی تر جیای دەکاتەوە، هەر بۆیە سیمۆلۆژیای کلتوور هەوڵدەدات لە چوارچێوەی کلتووردا دەلالەت و ناوەڕۆکی نیشانەکان شیکاربکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات "کلتوور بە هیچ شێوەیەک سیستەمێکی جیهانی نییە، بەڵکو لقە سیستەمێکە شێوازێکی تایبەت پێکدەهێنێت، هەر بۆیە کلتوور هەموو شتێک ڕێکناخات، بەڵکو گۆڕەپانێکی چالاک بە خەسڵەتی دیاریکراو پێکدەهێنێت، لێرەدا ئێمە تێدەگەین کە کلتوور بازنەیەکی پاژییە، یان بوارێکی داخراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بوارەکەی دیکە، کە ناکلتوورە" (قاسم،٢٠١٤: ٣٢٢).

ئەم بۆچوونە دەکرێ هەڵوەستەی لە سەر بکرێت، چونکە لەخۆگری دوو بۆچوونە کە یەکەمیان ڕەتکردنەوەی هەبوونی کلتوورێکی جیهانییە و دووەمینیشیان پاژیی بوونی بازنەی کلتوورە، دەکرێ یەکەمیان ڕەتبکرێتەوە، چونکە کۆمەڵێک نیشانەی کلتووری هەن لە زۆربەی کلتوورەکان هاوبەشن، یان لە سەرەتادا لە کلتوورێک هەبوون و دواتر بازنە پاژییەکەی کلتوورەکەی خۆیانیان تێپەڕاندووە و بوون بە جیهانی. هەرچی وەسفکردنی کلتوورە بە بازنەیەکی چالاکی پاژی، ئەوا دروستە و بە دڵنیاییەوە هەموو کلتوورێک لە بازنەیەک یان چەند بازنەیەکی بچووک

پێکدێت و لەناوخۆشیدا نیشانە و دەلالەتەکان دەگۆڕێن و واتای و نوێ و جودا وەردەگرن. وەک نموونە ئەگەر سەیری کلتووری وڵاتێکی وەک هیندستان بکەین فرەباوەڕی لەبارەی بوونی خودا و خوداپەرستی بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ببنە خاوەن خەسڵەتێکی تایبەت و کلتوورێک، جیایان دەکاتەوە لە کلتووره جیهانییەکان بە گشتی، کە لەسەر یەکتاپەرستی ڕێککەتوون، لەهەمان کاتدا لەناو ئەو بازنە کلتوورییەدا چەندین بازنەی پاژی هەن، کە بۆ ئەم مەبەستەش بیروڕای جیاوازیان هەیە.

**نۆیەم:** لە چوارچێوەی سیستەمی نیشانەیی و هێمایی تاکەکان، سیمۆلۆژیای کلتوور لێکدانەوە بۆ دیاردە و ڕووداوەکان دەکات، کە ئەم سیستەمەش لە بازنەی کلتوورێک بۆ کلتوورێکی تر جیاوازی تێدەکەوێت، تەنانەت زۆر جار لەناو یەک سیستەمی کلتووریشدا ئەم جیاوازییە بەدیدەکرێ، واتە "تاک لەسەر بنەمای سیستەمی سیمۆلۆژی، هێمایی، ڕەفتار دەکات و ئەم سیستەمە لە نێوان کلتوورەکاندا جیاوازی هەیە" (رجبی،١٣٩٤: ١٨).

نیشانە و هێماکان لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی دیکە دەگۆڕێن و لە ناوچەیەکیشەوە بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازن، ئەمەش لە بەریەککەوتنی زمانەکان  زۆر بەرجەستەیە و ئەگەر بیبەستینەوە بە پرسی زمان، ئەوا دەتوانین بڵێین هێما و ئاماژەکانی  بنزار و شێوەزار و زارەکانی زمانی کوردی هەڵگری دەلالەتی جیاوازن بۆ بەشێک لە نیشانەکان، کە ئەمەش ڕاست بێت، ئەوا بێگومان لە نێوان دوو زمان و کلتووری جیاوازدا ڕاستە، هەروەک دەبینین قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا "واتە ئەم پێچەوانەکردنە (زمانی-کولتووری)یە لە باکووری کوردستان وایکردووە کوردی باکووری کوردستان لە ناو بنهۆشی خۆیاندا بە هەمان بیرکردنەوە و شەخسیەتی تاکێکی تورک بیربکاتەوە و بە تەواوی لە کلتووری نەتەوەیی خۆی دووربکەوێتەوە" (پیربال،٢٠١٣ :٢١٠).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن نیشانە زمانییەکان کار لە ڕەفتار و کلتووری تاک دەکات و ڕوانینەکانیان بۆ شتەکانی دەوروبەریان دەگۆڕێت.

### ٤-١ ڕوانینی سیمۆلۆژیای کلتوور بۆ دەقی ئەدەبی :

ئەگەر لە ڕوانگەی سیمۆلۆژیای کلتوورەوە بڕوانینە دەقی ئەدەبی، ئەوا دەبێ ئەوە لەپێش چاو بگیرێت کە پێویستە دەقی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی کلتووری نەتەوە یان ناوچەیەکی دیاریکراوبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ناچار دەبێت لە ئەدەبی سەرزارەکی (میللی-فۆلکلۆر)ەوە دەستپێبکەین، چونکە بنەچەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک لە ئەدەبی سەرزارەکی و فۆلکلۆر پێکهاتووە "میللەتانی هەموو دونیا چیرۆکێکی نووسراوی خۆیان هەیە لەسەر بنچینەی فۆلکلۆرەوە بنیاتنراوە، کە هەقایەتی میللی بووە" (حەسەن،٢٠١٢:٤٩)

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەدەبی میللی گوزارشت لە دابونەریتی کۆمەڵێک یان ناوچەیەک دەکات کە لەڕووی بەها کۆمەڵایەتییەکان هاوڕان و لەسەر کۆمەڵێک بەها ڕێککەوتوون، ئەمەش بناغەی کلتوورێکی جیاواز لە کلتوورەکانی تر پێکدەهێنێت، چونکە "تەنیا کلتوور دەبێتە هۆی جیاوازبوونی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانی تر. کاری بنەڕەتیی کلتوور ئەوەیە کە دونیای مرۆڤەکان بە شێوازێکی ڕێکخراوەیی بنیادبنێت و لەو ڕێگەیەشەوە ژینگەیەکی وا فەراهەمبکات کە ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان دەستەبەر بێت" ( ospenski, 1985: 211).

بە شێوەیەکی گشتی شرۆڤەی هێما و نیشانەکان لە دەقدا پەیوەستن بەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەی کە تاکەکانی سەر بە کلتوورێکی دیاریکراو بڕیاریان لەبارەوە داوە و لەم بارەوە کلتوور ڕێککەوتنێکی گشتی و جیهانی نییە، بەڵکو بۆ هەر کلتوورێک کۆمەڵێک بنەما و تایبەتمەندیی

دیاریکراو هەن و بە شێوازێکی تایبەتی ڕێکخراوە، "کلتوور وەک پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان بەشە جیاوازەکانی بەدی دەکرێ، پەیوەندییەکی ڕێکخراوە، وەک ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ هیچ یەکێکیان ناتوانرێت لە گشتەکە جیابکرێنەوە، بە جیاکردنەوەی هەر بەشێک لە پێکهاتەکە، ڕێکخراوەییەکە لەدەستدەدات" (پاکتیچی، ۱۳۹۰: ٤٧).

ئەدەبیات بە گشتی لەگەڵ کلتوور پەیوەندییەکی توند و تۆڵ بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و لەم بەستێنەدا (ڕۆمان) کە ژانرێکی ئەدەبییە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وەک بەشێکی چالاکی کاری ئەدەبی، کار لەسەر گێڕانەوەی نەریت و هەڵسوکەوتە کلتوورییەکان دەکات و ئەم کردە و بەها کلتوورییانە بە شێوەیەکی هونەری دووبارە دەگێڕێتەوە، بەمەش ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی و بە پشتبەستن بە فۆلکلۆر بە شێوەیەکی هونەری بەها کلتوورییەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو بەیاندەکات. هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە هەموو جۆرەکانی ڕۆمان بەرچاودەکەوێ، بەڵام لە ڕۆمانە مێژووییەکان زیاتر ڕەنگدەداتەوە، چونکە "ڕۆمانی مێژوویی دەمانبات بۆ کات و جێگای مێژووی دوور لە کاتی نووسینی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە کە هەیەتی" (صیداوي، ۲۰۰۸: ۹۸).

ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی بەها و هێما و ئاماژە دیاریکراوەکانی کلتوورێکی دیاریکراو تۆماردەکات، "کلتوور لەم هاوکێشەیەدا شتێک نییە جگە لەو هێمایانەی کە بنەماکانی ئەو ڕێککەوتنە نیشانەییانەن کە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا تیایدا هاوبەشن" (بوسنر، ۱۳۹۰: ۳۲۳).

تیۆردانەرانی سیمۆلۆژیای کلتوور، کلتوور وەک دەزگایەکی ئاڵۆزی نیشانە و ئاماژەیی (دەلالەتی) پێناسەدەکەن، کە لە ڕێی هێما سەرەکی و لاوەکییەکان فرەواتایی پێکدەهێنن، ئەم فرەواتاییەش دەکەوێتە چوارچێوەیەکی ترەوە لەنێوان کلتوور و ناکلتوورەدا. لە سایەی

ناکلتووردایە، کە کلتوور لە پێگەی سیستەمێک لە نیشانەکان پەیدادەبێت، کەواتە ناسیستماتیک بوونی ناکلتوور، دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر درکپێکردنی سیستماتیکی کلتووری، کەواتە دەشێت بڵێین ئەم هۆکارە زەمینەسازی دەکات بۆ تێگەیشتن لە هێما و نیشانە کلتوورییەکان.

کاریگەریی تێڕوانینەکانی (باختین) لەسەر (لۆتمان)، بووە هۆی ئەوەی خوێندنەوە و بەدواداچوونی کلتوور وەک دەقێک پەیدابێت، ئەمەش بەو واتایەی کە (لۆتمان) ناوەڕۆکی هەر دەقێک بە ڕەنگدانەوەی کلتووریی ئەو کۆمەڵگایە ببینێت کە دەقەکەی تێدا لەدایکبووە، "هەڵبژاردنی دەقێکی دیاریکراو لەنێو  کۆمەڵێک دەقدا، مەبەست لێی سەرهەڵدانی کلتوورێکی دیاریکراوە، بە پێچەوانەوە بارودۆخێک کە تێیدا تەواوی دەقەکان لە ڕووی بەهاوە یەکسان بن ئەو کلتوورە بەرەو لاوازی دەبات" (uspenskii, 1987: 218)، کەواتە دەتوانین بڵێین هەر دەقێک لەناوەڕۆکی خۆیدا ئەو توانایەی هەیە سەراپای کلتوورێک پێچەوانە بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەو دەقە پێچەوانەی بنەماکانی کلتووری ئەو کۆمەڵگایە بێت کە دەقەکەی تێدا لەدایکبووە.

## ٢- سیمۆلۆژیای کلتووری (لۆکاڵ) لە ڕۆمانەکانی (جەبار جەمال غەریب)دا:

ئینجا لێرەدا بۆ ئەوەی ئەدگارەکانی سیمۆلۆژیای کلتوور لەسەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکان بخەینەڕوو، لەم ڕووداوەی ناو سەردەمی گریانی بەلقیس دەستپێدەکەین کاتێک **"بەلقیس"** بۆ سۆراغی کچەکەی دەچێت کە ڕەدووکەوتووە، ئەو مەبەستیەتی بێ ئەوەی مێرد و کوڕەکانی ئاگاداربکاتەوە، بە ئامانجی ئەوەی کچەکەی بە بێدەنگی و نهێنی بگەڕێنێتەوە بەرلەوەی باوک و براکانی ئاگاداری بابەتەکە بن دەڵێت:

"نا وەک کەمال ناکەم، وەک کوڕەکانیشی ناکەم، هەموویان سەرشێت و توڕە و هەڵەشن، بۆ ئەوە نابن لەکارێکی ئاوادا لەگەڵت بن" (غەریب،١٣،٢٠١٨).

لێرەدا دەکرێ تێبینی ئەوە بکەین کە پەیوەندی لە نێوان زمان و کلتووردا پەیوەندییەکی پتەو و دانەبڕاوە، کاتێک نووسەر دەڵێت "هەموویان سەرشێت و توڕە و هەڵەش" مەبەستی ئەوەیە پێمان بێژێ، زمانەکان وەرەسەی کلتوورەکانن، لەسەر ئەو بنەمایەی هەر کلتوورێک تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی هەیە کە ئەو تایبەتمەندییانەش زۆرجار دەکرێ لە ڕێگەی زمانەوە خۆیان بەدەستەوە بدەن (سەرشێت، توڕە، هەڵەشە) ئەو وشە زبرانە ئەوەمان پێدەڵێن کە کلتووره لۆکاڵییەکەی ئێمە تەژییە لە کەللەڕەقی و توندوتیژیی تاکی (نێر)، "بەلقیس" کە دەڵێت "کەمال و کوڕەکانی بۆ ئەوە نابن بۆ کارێکی ئاوا لەگەڵت بن" دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵێک ئاماژەی تر لە کلتووری ناوچەیی، لەوانە، ڕەگەزی (مێ) لە کلتووری ئێمەدا نەرم و نیانترە و بە هۆشیارییەکی زیاترەوە دەتوانێت ڕەفتار بکات لەگەڵ ڕووداوێک کە هەرچەند بەلایەوە سەخت و ناخۆشیش بێت، بە تایبەت لە ڕووداوێکی وەهادا کە بەلای پیاوەکانەوە قبوڵکراو نییە و لە بەرانبەر ناموسدا تەنیا کوشتن بە چارەسەر و ئابڕووکڕینەوەی خۆیان دەزان، بۆیە ئەو ژنە خۆی هەوڵیداوە بتوانێت بە جۆرێک لە جۆرەکان کێشەکە چارەسەر بکات بەرلەوەی پیاوەکان کێشەکە ئاڵۆزتر بکەن، لە درێژەی ڕووداوەکاندا کاتێک شتەکە ئاشکار دەبێت و باوک براکانی کچە دەزانن کە کچەکەیان بێ پرس بەگەڵ پیاوێک کەوتووە، یاخود ڕەدووکەوتووە "بەلقیس" دەڵێت :

"کەمال و کوڕەکانی تەنیا ببوونە هەڕەشەو جنێو، جنێویان بە کچ و توخمی کچ دەدا" (غەریب،١٣،٢٠١٨).

دیسانەوە نووسەر بەمەبەست ئەو دیاردەیەمان دەخاتەوە بەرچاو، دیاردەیەکی زەق لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەویش **(هەڕەشە و جنێو)**، لێرەدا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ بنەمایەکی تری سیمۆلۆژیای کلتوور، کە لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین دەستنیشانی ڕاددەی نەرمی و زبریی کلتوورەکان بکەین، ئەمە بەم واتایەی زمان دەتوانێ پێمان بڵێت کە هەر کلتوورێک هەڵگری چ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکە، واتە لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین بپرسین ئایا ئەو کلتوورە ڕێژەی تێگەیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتری تێیدا لە چ ئاستێکدایە؟ تاچەند تاکەکانی ئەو بازنە کلتوورییە دەتوانن بە دایەلۆگ بگەنە ئەنجام؟ شێواز و شێوەی دایەلۆگی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە چۆنە؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری تر.. **"کەمال و کوڕەکانی تەنیا ببوونە هەڕەشە و جنێو"**، ئەمە بە وردی پێمان دەڵێت کە ئەو کارەکتەرانە شتێکی دیکەیان لێ نەمابووەوە جگە لە هەڕەشە و جنێو، واتە توندوتیژی و دەمپیسی ببووە بەشێک لە بوونی ئەمان، ڕۆماننووس لەسەر زاری بەڵقیس دەیەوێ پێمانبڵێ لەو سەردەمەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ڕوویانداوە، نێرینەی کۆمەڵگەی کوردی هەموو بوونی خۆی لە هەڕەشەکردن لە یەکێک (مێیینە) دەدۆزییەوە کە کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی ببوونەوە هۆی ئەوەی لاواز دەرکەوێت و نێر خۆی بە پارێزەری بزانێ. دواتر کە نووسەر دەنووسێت **"جنێویان بە کچ و توخمی کچ دەدا"**، بەرمەبنای ئەوەی کە کلتوور سیستەمێکی جیهانیی چەسپاو نییە، دەتوانین بڵێین لە کەلتوورە پاژییەکەدا (کلتووری لۆکالی) بە درێژایی مێژووی نوێ بە چاوێکی کەم ڕوانین لە ڕەگەزی (مێ) شتێکی نامۆ نەبووە و بگرە تا ئێستاش ئەم ڕوانگەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، کلتووری پیاوسالاری لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی بە جۆرێکە تا هەنووکەش ژن یاخود ڕەگەزی (مێ) بە مرۆڤی پلە دوو دەبینن، هەر بۆیەشە کاتێک مەسەلەی شەرەف و ناموس دێتەگۆڕێ، سووکایەتی و جنێودان و تەنانەت کوشتنی کچ و توخمی کچیش شتێکی ئاساییە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم کچ و توخمانەی، دەکرێ

دایکیشمان بێت، لە بازنە کلتوورییەکەی ئێمەدا پیاو لە کاتی تورەییدا ئەوە لەبەرچاوناگرن، ئەوەی بیانەوێ دەیلێن و ئەوەی بیانەوێ دەیکەن.

ئینجا بەو پێیەی لە لێکدانەوە سیمۆلۆژییە کلتوورییەکاندا، کە دەق واتای چەسپاوی نییە، بەگوێرەی کات و شوێنی ڕووداوەکان دەکرێت ڕاڤەی جیاواز بۆ دیاردە و دەربڕینەکان بکرێت کە لە کلتووری بازنەیەکی دیاریکراویش هەڵگری لێکدانەوەی جیاواز بێت، بە نموونە کەمال و کوڕەکانی مەسەلەی شەڕەف و ناموس بە مەسەلەیەکی حەیاتی دەبینن، کەچی کاتێک کاراکتەر خۆیان بن، ناموسی خەڵکی هەرزانە و وەک ئەوەی خۆیان سەیری ناکەن، بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەکی دیکە لە ڕۆمانی **"سەردەمی گریانی بەلقیس"** وەردەگرین کە لەوێدا **"مەحموود"**ی کوڕە گەورەی کەمال دەیەوێ ماڵەکەی ئەو کوڕە بسوتێنێ کە **"نیان"**ی خوشکی ڕەدوویکەوتووە، کاتێک **"بەلقیس"** بە کوڕەکەی دەڵێت:

"مەحموودیناموبارەک تۆ نەبووی نامەی دڵداریت بە خوشکەکەت دەنووسی بۆ ئەم کچ و ئەو کچ، تۆ نەبووی دیاریت بۆ کچانی هاوسێ پێدادەنارد، ژنە گەنجەکەی قەسابەکەی هاوسێمانت نەهێنابووە ژوورەکەی ئەو و ئەویشت ناچار کردبوو لەودیو دەرگاوە چاوەڕی بکا" (غەریب،٢٠١٨،٦١).

ئەوەی لێرەدا ڕۆماننووس مەبەستییەتی پێمان بڵێ هاوتایە لەگەڵ ئەو بنەمایەی سیمۆلۆژیای کلتوور کە ئەو زانستەش پێمان دەڵێت هەموو دەقێکی کلتووری دابەشی سەر چەند لقێکی تر دەبێت، لە بازنە کلتوورییەکەی ئێمەدا ئاساییە کوڕ نامەی دڵداری بە خوشکەکەی بنوسێ، کەچی نامەی دڵداری بە دەست خوشکەکەیەوە ببینێ، ڕەنگە کارەسات ڕووبدات، با سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە "مەحموودی ناموبارەک تۆ نەبووی نامەی دڵداریت بە خوشکەکەت دەنووسی بۆ ئەم کچ و ئەو کچ" لە ڕوانگەی سیمۆلۆژیای کلتوورەوە ئەم چەند وشەیەی سەرەوە دەبنە

ئەو هەویرەی کە ئاوی زۆر هەڵدەگرێ، لە کلتووری کۆمەڵگای ئێمەدا بە حوکمی پیاوسالاری، ئازادییەکی ڕەها بە پیاو دراوە، هەر بۆیەشە ئەو کارەی بۆ کوڕەکان ئاساییە، هەمان کار بۆ کچەکان ڕێپێنەدراوە. کاتێک ڕۆماننووس دەنووسێت "تۆ نەبووی نامەی دڵداریت بە خوشکەکەت دەنووسی"، دەمانگەڕێنێتەوە سەر ئەو بنەمایەی سیمۆلۆژیای کلتوور کە پێمان دەڵێت بەرهەمی ئەدەبی بەگوێرەی کلتوورەکان واتای جیاواز وەردەگرێ، جا ئەگەر هەر لەم سۆنگەیەوە بڕوانینە ئەو ڕستەیەی سەرەوە ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەگەزی (نێر) نەوەکو تەنیا ناتوانێت هەستەکانی بۆ ڕەگەزی بەرانبەر دەرببڕێت، بەڵکو تەنانەت ناتوانێت بیشیان نووسێتەوە، بۆیە پەنا بۆ خوشکەکەی دەبات کە نامەی بۆ بنووسێتەوە، ئەوەش دیسان هەڵگری ئەو نیشانەیەیە کە لە کلتووری ئێمەدا ژن تاچەند ئاگاداری ئازار و مەینەتی یەکترینە و لەخواست و دڵی یەکتری تێدەگەن، کەواتە نووسەر مەبەستییەتی پێمان بڵێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێندەی ژنێک دەتوانێت لە دڵی ژنێکی ترەوە نزیک بێت و لە هەست و ئازارەکانی تێبگات، پیاو ناتوانێت، چونکە لە کلتوورە لۆکاڵییەکەی ئێمەدا هەم پیاو هێندە بەدەمار و خۆبەگەورەزانە، کە پێیوایە ئەوە دابەزینە ئەگەر هەوڵبدات لە خواستەکانی ژنێک ئاگادار بێت، هەمیش کلتوورەکەمان ڕێگەخۆشکەر نییە  بۆئەوەی پیاو و ژن بە دروستی ئاشنای خواست و ویستەکانی یەکتری بن. هەروەها لە دەربڕینەکەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە براکەی بە هەر هۆیەک بێ لە هۆیەکان، نەخوێندەوارە و خوشکەکەی خوێندەواری هەیە، ئەمەش کارێکی ئاساییە لەناو ئەو بازنە لۆکاڵییە کلتوورییەی ئێمەی تێدا دەژین، چونکە زۆرجار کوڕ بەو پێیەی شوێنگرەوەی باوکیەتی، واز لە خوێندن دێنێت و هەر زوو دەچێت ئەو کارە دەکات کە باوکی بژێوی پێ پەیدادەکات و بەمەش نەخوێندەوار دەردەچێت. هەر لەو ئاماژە کلتوورییانەی لەو دەربڕینە دەستمان دەکەون ئەوەیە کە نێر و کۆمەڵگاش بەلایانەوە ئاساییە، کوڕ لە یەککاتدا، یان لە کاتی جیاوازدا پەیوەندی

لەگەڵ چەند کچێک هەبێ و نامەش بۆ هەموویان بنێرێ، بەڵام لایان ئاسایی نییە، کچێک لەگەڵ یەک تاقە کوڕ پەیوەندی هەبێت.

دواتر کاتێک ڕۆماننووس دەنووسێ **"تۆ نەبووی دیاریت بۆ کچانی هاوسێ پێدا دەنارد"** لەم چوارچێوەیەدا دەقەکە جیاواز دەردەکەوێ کاتێک لە ڕوانگەی کلتووری جیاوازەوە لێی بڕوانین دیاری گۆڕینەوە مۆرکی کلتوورێکی جیهانی وەرگرتووە، لە دێر زەمانەوە ئەوە بووە بە بەشێک لە کلتووری میللەتان، بەڵام ئەوەی پاژی بوون (لۆکال) بەم دیاردەیە دەبەخشێت، دەگەڕێتەوە بۆ جۆری دیاری و شێوازی بەخشینەکە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بیڵێین لە بازنەی کلتووری ئێمەدا پیاو بە دەگمەن دەتوانێت ڕاستەوخۆ بچێت دیاری بە ڕەگەزی بەرانبەر ببەخشێت، لانی کەم لەو سەردەمەی ڕۆماننووس دەیگێڕێتەوە وابووە، هەر بۆ ئەم مەبەستە بووە کە دیاری بە خوشکەکەیدا ناردووە بۆ کچە دڵبەندەکەی، جا لێرەدا بۆ ئەوەی جیاوازییەکەمان بۆ دەرکەوێ ڕووداوەکە پێچەوانە دەکەینەوە و دەیکەینە پرسیار، ئایا لە کلتووری کۆمەڵگای ئێمەدا کچێک دەتوانێت بە براکەیدا دیاری بۆ ئەو کوڕە بنێرێت کە دڵی لایەتی؟ بێگومان شتی وا ڕوونادات و ئەوە کارێکی مەحاڵ و نەکراوە.

کاتێکیش دەڵێت **"ژنە گەنجەکەی قەسابەکەی هاوسێمانت نەهێنابووە ژوورەکەی ئەو"** لێرەدا دەکرێ تێبینی ئەوە بکەین ڕۆماننووس مەبەستییەتی جیاوازیی تەمەنمان پێشانبدات لە هاوسەرگیریدا، هەر بۆیە دەستەواژەی **"ژنە گەنجەکەی"** بەکارهێناوە، کەواتە مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە لە کلتووری کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەیەکی باو ئەو دیاردەیە بەدیدەکرێت کە پیاوێک ژنەکەی زۆر لەخۆی منداڵتر بێت، جا ئەگەر ئەو پیاوە قەساب بێت یاخود کرێکار و مامۆستا و میوەفرۆش... هتد، بەڵام

کاتێک ڕۆماننووس دەنووسێت **"قەساب"** لە ڕوانگەی سیمۆلۆژیاوە ئەوە هێما و نیشانە لەخۆدەگرێت، لە بازنە کلتوورییەکەی ئێمەدا پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین کە نووسەر بەمەست ئەو پیشەیەی بەکارهێناوە، وەک دەلالەتێک بۆ پیاوسالاری و هێز و پارە، هەر ئەو پیاوسالارییەشە وایکردووە دیاردەی جیاوازیی تەمەن لە پرۆسەی هاوسەرگیری لە دیاردەوە دەربازبێت و ببێتە شتێکی باو، هەرچەند لەناو زۆربەی کلتوورەکاندا دەکرێت ئەم حاڵەتانە هەبن، بەڵام وەک گوتمان لای ئێمە ئەوە لە دیاردە تێپەڕیوە.

ئاماژەی دواتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنە گەنجەکەی قەسابەکە لە ڕووی جەستەیی بێت، یاخود دەروونی لەلایەن مێردەکەیەوە کەمتەرخەمی بەرانبەر کراوە، هەڵبەت ئەوەش ئاساییە پیاوێک کە لەگەڵ ژنەکەیدا جیاوازییەکی زۆری تەمەنیان هەبێت، نەتوانێت لە ئاست حەز و ویستەکانی ژنە گەنجەکەی بێت، دەکرێت هەر ئەوەش بێت وایکردبێت پەنا بۆ کوڕە گەنجێک ببات و دەستی لەگەڵ تێکەڵبکات. جا لێرەدا ئەو ڕووداوە لەگەڵ ڕووداوەکەی پێشتر بەراورد دەکەین بۆ ئەوەی جیاوازیی نێوان ڕەگەزەکانمان لە کلتووری لۆکاڵیدا بۆ دەرکەوێ، هەروەک گوتمان دیاردە و ڕووداوەکان بەگوێرەی کات و شوێن و کەسەکان تەنانەت لەناو یەک بازنەی کلتووریشدا ڕاڤەی جیاواز لەخۆدەگرن، هەر بۆیە کاتێک باس لە شەرەف و ناموسی کەمال و کوڕەکانی بێت ئەوا شەرەف گرانە، بۆیە کاتێک دەبینن کچەکەیان ڕەدووکەوتووە، دەبنە یەک پارچە ئاگر و تەنانەت هەڕەشەی سوتاندنی قەلای هەولێریش دەکەن، بەڵام کاتێک خۆیان بکەر بن، بە جۆرێکیتر لە شەڕەف دەڕوانن، بۆ پیاوان ئاساییە ئەگەر لەگەڵ ژنێکی هاوسەرداریش پەیوەندییان هەبێت و ژوان ببەستن، بەڵام کچەکەیان بۆی نییە بە دڵی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت.

گومانی تێدا نییە کە ڕوانینی سیمۆلۆژیا بۆ تێکست لەو سۆنگەیەوەیە کە هەموو وشەیەک دالێکە و هەڵگری واتایەکە، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو هەر دالێک بەشێکە لە بازنەیەکی لە خۆی گەورەتر و ئەو بازنەیەش بە تەواوی ئەو واتایەی دەیگەیێنێت، بەشێکە لە بازنەیەکی فراوانتر کە بریتییە لەو کلتوورەی بازنەکە بەشێکە لێی، بۆیە دەق بریتییە لە: بازنە + بازنە + بازنە... هتد، کە پێکهێنەری هەریەک لەو بازنانەش بریتییە لە وشە یان دالەکان، با بۆ نموونە ئەم ڕووداوەی ناو **"سەردەمی گریانی بەلقیس"** وەربگرین:

"تۆزێک پێکەنی، میدیا گوتی، "لەبیرتە هەر یەکەم ڕۆژ لەبەردەم

ئەو دایناسۆرە چیمەنتۆیەی مۆزەخانەی سروشتی پێی وتم، "تۆ فەرەنسیت" من وتم، "نا، لە بەشی فەرەنسیم" کەچی دیسانەوە ئەو حیزە وتیەوە "ئا فەرەنسی، دایکت، یا بابت" دەشڵێ بابت، لادێیی خوێڕی" (غەریب،٢٠١٨،٣٩)

لەم بیرهێنانەوەی نێوان میدیا و نیان دەتوانین چوار دالی بەرچاو و زەق دەستنیشانبکەین کە بریتین لە **(داینەسۆری چیمەنتۆ، تۆ فەرەنسیت، دیسانەوە وتی، لادێیی خوێڕی)**. لە یەکەمیاندا **"دەیناسۆری چیمەنتۆ"** ڕۆماننووس دەیەوێ ئەوەمان بخاتە بەرچاو کە لە کۆمەڵگە و وڵاتی ئێمەدا تەنانەت لەبەردەم مۆزەخانەی سروشتیشدا کەرەستەی سروشتی کەڵکیان لێوەرناگیرێت، ئەوەش جۆرێک لە بێسەلیقەیی کۆمەڵگا وەدیاردەخات کە لەباتی ئەوەی کەڵک لە کەرەستەی سروشتی وەک بەرد یان دار وەربگرن، بۆ تاشینی پەیکەری داینەسوورێک دێن و لە چیمەنتۆ دروستی دەکەن، هەروەها ئەوەشمان پێ دەڵێ کە ئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا هەیە بەشی زۆری لاسایکردنەوەیە و ڕەسەن نییە، چونکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا داینەسوور نەبووەتە ڕەمزی سروشت، بەڵکو کەو و ئاسک و داربەڕوو... هتد ئەمانە هێمای سروشتن.

دالی دووەمیان **"تۆ فەڕەنسیت؟"**ە کە هێمایە بۆ جوانی و سێکسیبوون، چونکە لە کۆمەڵگای کوردی ئەو کچەی قژ زەرد و چاوشین و سێکسی بێ بە فەرەنسی دەیشوبهێنن. لێرەش بابەتەکە بۆ ئەوە نییە تا **"سەردار"** کە کاراکتەرێکی ڕۆمانەکەیە بیەوێت بزانێ میدیا خەڵکی کوێیە، بەڵکو دەیەوێت پێی بڵێ جوانی و پێداگریشی لەسەر ئەوەی کە دوای ئەوەی دەشزانێت لە بەشی فەڕەنسی دەخوێنێ، ئەو **"دیسانەوە وتی"** فەڕەنسی بۆ ئەوەیەتی پێی بڵێ جوانی و ئیعجابی خۆی بۆ دەربڕێ کە ئەمەش دالی سێیەمە.

دالی چوارەم کە **"لادێیی خوێڕی"**یە پێمان دەڵێ لەم کۆمەڵگایەدا ململانێ و کێشمەکێش لە نێوان گوندنشین و شارنشیندا هەیە و بە ئاسانی یەکتریان پێ قبوڵناکرێت، ئەو جیاوازییە نەک هەر تەنیا بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی گرتۆتەوە، بگرە ئەو زمانەی قسەشی پێ دەکەن جیاوازن، بۆیە کاتێک سەردار قسە دەکا، میدیا ڕاستەوخۆ دەزانێ ئەو لادێییە و شارنشین نییە.

ئەوە دەزانین کە ڕۆمان وەک هەر ژانرێکی تری ئەدەبی، بەبێ ئامادەبوونی خەیاڵ دەبێتە دەقێکی وشک و بێ چێژ، بەو پێیەی ئەدەبیش جگە لە پەیام دەبێ چێژیش بە خوێنەر ببەخشێ، بە کەڵک وەرگرتن لە خەیاڵ ئەو چێژە فەراهەمدەکات، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو خەیاڵەی تێکەڵ بە دەق دەکرێت هەمان ئەو ڕاستییەیە کە نووسەر بە واقیع ناتوانێت پێی بگات، بۆیە خەیاڵ دەکاتە ئەو وەسیلەیە کە بتوانێت مەبەستەکانی خۆی پێ دەرببڕێت، بڕینی سنووری بازنەیەکی کلتووری بۆ بازنەیەکی تر ئەستەمە، ئەگەر لە ڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە نەبێت، کاتێک دەقێک لە بازنە کلتوورییەکەی خۆی دەردەچێت نیشانە و دەلالەتەکانیش دەگۆڕێن.

هەندێک جار بنەما کلتوورییەکانی بازنەکە ڕێگە خۆشکەرنین بۆ بوونی ئەم دیاردانە وەک ئەوەی لەسەرەوە گوتمان ئازادی لە پۆشینی جلوبەرگ، یاخود دیاردەیەکی وەک ماچکردن. هەندێک جاریش تاکەکانی سەر بە بازنە کلتوورییەکە خۆیان ڕێگرن، بە تایبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەبەر ئەوەی پیاوسالاری باڵادەستە و هەمیشە ئافرەتەکانمان لە بەرانبەر پیاودا جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێیان هەبووە، بۆیە سەربەست نین لە بڕیاردان و ئازادییان سنووردارە، هەر ئەمەشە وایکردووە نەتوانن بە ئاسانی خۆیان ڕادەستی خۆشەویستی بکەن، یاخود خۆیان بە ماچ و باوەش و عاتیفەی پیاوێک بسپێرن، بۆ ئەو مەبەستەش دەگەڕێینەوە بۆ ئەم نموونەیەی ناو ڕۆمانی **"سەردەمی گریانی بەلقیس"** ، کاتێک **"نیان"** بە **"سەردار"** دەڵێت: **"ئێوەی کوڕان هەمووتان نەفرەتین، خۆشەویستی نازانن، کچتان بەس بۆ یەک شت دەوێ، یەک شت و بەس، جگە لەوەش هیچتان لە دەماغدا نییە"** (غەریب،٢٠١٨،٤٣).

دالی سەرەکی لێرەدا یەک شتە کە ڕۆماننووس دوو جار جەختی لەسەر دەکاتەوە **"بەس بۆ یەک شت"**، **"یەک شت و بەس"** ئەو شتەش هەمان ئەو پەیوەندییە جەستەییەیە کە دەکرێت لە نێوان هەردووک ڕەگەزدا هەبێت، لە بازنە گشتییەکەدا یاخود لە کلتووری گەردوونی ئەوە پڕۆسەیەکی سروشتی و ئاساییە، ئەوەی کە پڕۆسەکە نامۆ دەکات و دەبێتە تابوو، بنەما کلتوورییەکانی بازنە پاژییەکانە، لە کۆمەڵگا و کلتووری ئێمەدا کچ و کوڕ نابێ تەنانەت دەستیشیان بەر دەستی یەکتری بکەوێت، تاکو نەبنە حەڵاڵی یەکتری، ئەگەر هەرچەندیش یەکتریان خۆشبوێ.

ئەوە بووە بە کلتووری کۆمەڵگای ئێمە و لادان لەو بنەمایە کارێکی نەشیاو و نەکراو و ناپەسەندە، بەڵام ئێمە لێرەدا سەرنج دەخەینە سەر لایێکی تری ئەم باسە، هۆکار چییە کە **"نیان"** بەمجۆرە جەخت لەوە

دەکاتەوە کە کوڕان جگە لە سێکس هیچی تریان لە دەماغدا نییە؟ بێگومان بۆ ئەوەش هەر دەگەڕێینەوە سەر کلتووری کۆمەڵگاکەمان، کاتێک پەیوەندیی نێوان کچ و کوڕ هێندە سنووردار دەکرێت، کە نەتوانن تەنانەت پێکەوە هاوڕێش بن، یاخود شێواز و ئاڕاستەی خانەوادە کە بە شێوەیەکی ڕەها، خانەوادە کچ وا باردەهێنێت و ئاڕاستەی دەکات کە پەیوەندیی نێوان کچ و کوڕ بڤەیە و نابێت بە هیچ جۆرێک کچ لە کوڕ نزیکبکەوێتەوە، ئەنجامەکەی دەبێتە ئەو ترس و تۆقەی کچ بەرانبەر بە کوڕ، بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوە ئەو ترسەی کچ لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەتوانین ئەو نموونەیە وەربگرین کە **"نیان"** جەختی لەسەر دەکاتەوە و دەڵێت: **"لەهەر تەمەنێک دابن کچتان بۆ ڕابواردن دەوێ، بۆ دەستگەرمکردنەوەو مەمکگوشین و پۆزلێدان و حەیابردنی"** (غەریب،٢٠١٨،٤٣)

پێشتر باسمان کرد کە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە سەبارەت بە تەمەنی پیاو بەرانبەر بە ژن چۆن بیردەکەنەوە، لێرەش دیسان ڕۆماننووس جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ ئەم مەسەلەیە (سێکس) پیاوەکانمان لە هەر تەمەنێکدا بن بۆیان گرنگ نییە، ئەوەی بەلایانەوە گرنگە دەستگەیشتنییانە بە ڕەگەزی بەرانبەر، ئەم دەستگەیشتنەش تەنیا بۆ دەستگەرمکردنەوە و مەمکگوشین نییە، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان "پۆزلێدانە" هەر ئەمەشە بووەتە مایەی ترسی کچ بەرانبەر بە ڕەگەزی بەرانبەری، چونکە لە کۆتاییدا ئەم پۆزلێدانەی پیاو بە حەیا و ئابڕووچوونی ئافرەتەکە دەشکێتەوە. ئەوە دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کاتێک کوڕێک بە دیداری کچێک دەگات، جا ئەو بەیەکگەیشتنە ڕەنگە بە هەزار فێڵ و تەڵەکەی کوڕ بێت و سادەیی و نیازپاکی کیژەکە، کەچی لە کۆتاییدا بە حەیاچوونی کچەکە تەواو دەبێت، لەبەرئەوەی تاکی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی، پیاوەتی بەلایەوە ئەوەیە بتوانێت دەستی بە جەستەی ڕەگەزی بەرانبەری ڕابگات و دواتر وەک خۆپێهەڵکێشان لای کەسانی تر باسی بکات، کەچی لە هەمان کاتدا لەناو

خێزانەکەی خۆی یاخود بەرانبەر بە خوشکەکەی وا بیر ناکاتەوە و بەوە قایل نییە خوشکەکەی پەیوەندیی خۆشەویستی هەبێت، تەنانەت زۆر جار کیژ و کوڕێک نەیانتوانیوە هاوسەرگیری بکەن یاخود پرۆسەکە هەڵوەشاوەتەوە، تەنیا لەبەرئەوەی ئاشکرا بووە کە پێشتر کیژ و کوڕە پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووە.

لەسەر ئەو بنەمایەی لە لێکدانەوە سیمۆلۆژییە کلتوورییەکاندا واتای دەق بە چەق بەستوویی نامێنێتەوە، دەتوانین بڵێین هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەگوێرەی بازنە کلتوورییەکان، کات و شوێن، واتای جیاواز بەدەستەوە دەدەن و بە گوێرەی گۆڕانی سەردەمەکان و بازنەکان، واتاکانیش دەگۆڕێن، کەواتە گۆڕانی سەردەم و کاریگەریی کلتوورەکان لەسەر یەکتری دەکرێ ببێتە گۆڕانی دەلالەتەکانیش لە بازنەیەکی کلتووری، بۆیە دەتوانین بڵێین ئێستا بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵگا لەژێر کاریگەریی کلتوورە جیاوازەکان، شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەش گۆڕانی بەسەردا هاتبێ سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەردووک ڕەگەز و تا ڕادەیەک ڕوانینیان بۆ مەسەلەی پەیوەندیی نێوان کچ و کوڕ گۆڕابێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوەستە لەسەر کردنە چەقبەستنی جۆری بیرکردنەوەی ڕەگەزی نێرە لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەبارەت بە مەسەلەی "**سێکس**" بەلای نووسەرەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێینەوە بۆ ئەم ڕووداوەی ناو "**سەردەمی گریانی بەلقیس**" کە نزیکەی دەیە و نیوێک دوای **"لەسەر باران دەنووسم"** نووسراوە، کەچی هێشتا ئەو گرێ دەروونییە لە لای پیاوەکان بەدیدەکرێ، کاتێک دەنووسێت:

"گەورەترین خەمی ئەو وڵاتە ئەوەیە کوڕەکان، پیاوەکان، هەرزەکار و بالقەکان، هەموو نێرەکان لە بازاڕ و لە یاریگا و لە مەلەوانگە و لە مزگەوت و لە بەشە ناوەخۆییەکانیش پێکەوەن و هەمیشە خەیاڵیان لای

ئەوەیە دیوارەکان، قەرەویڵە و دۆشەکەکانیان درزێکی تێ ببێت و خۆیانی پێ ڕەحەت بکەن" (غەریب، ٢٠١٨ ٥٦:).

وەک دەبینین تەمەن و کات و شوێن بەربەست نین لەبەردەمیان، نێرەکانمان هەر کە باڵغبوون، ئیتر کات و شوێن ناتوانن ڕێگربن لەبەردەمیان، بۆ ئەوەی خۆیان خاڵینەکەنەوە.

هەروەک پێشتر گوتمان ڕاڤەی دەق و ڕەفتار و کرداری تاکەکان لە چوارچێوەی دوو جەمسەریدا شرۆڤە دەکرێت، واتە ئێمە بۆ ئەوەی ئاماژە و دەلالەتی پیت و وشە و دەربڕینی گوفتارەکان بناسین، سەرەتا پێویستە ئەم ڕەفتار و کردارانە بخەینە ناو چوارچێوەی دوو جەمسەرە باوەکە و بزانین خەسڵەتی هەریەکە لەم دوو جەمسەرانە چین، بۆ ئەمەش زۆر جار بە ئاشکراکردنی خەسڵەتی جەمسەرێک ڕاستەوخۆ خەسڵەتی جەمسەری بەرانبەریشمان بۆ ئاشکرا دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێینەوە بۆ ئەو نموونەیەی ناو **"سەردەمی گریانی بەلقیس"**

"هۆکارەکانی بوغز و بریندارکردنی یەکتری بیانوون، دەنا جوانی و ناشیرینی وەک یەک ئازاریان هەیە، من ئەوەندەی دەردم بەدەست ستایش و پیاهەڵدانی خەڵک و ناسیاوەوە دیتوە، ئەوانەی بۆ مەبەستی خۆیان ستایشی جوانییان کردووم، سەد هێندەی ئەوانە ئازاریان داوم کە لە دڵەوە ڕقیان لێم بووە" (غەریب، ٢٠١٨ :١٣٣).

وەک ئاماژەمان پێدا، ئاشکراکردنی واتای جەمسەرێک ڕاستەوخۆ واتای جەمسەری بەرانبەرمان بۆ ئاشکرا دەکات، لێرەدا بە پشتبەستن بەو قسانەی کاراکتەری ناو ڕۆمانەکە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە کلتووری ئێمەدا خزم و ناسیاو و کەسانی نزیک بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان ستایشی مرۆڤ دەکەن، کە ئەمەش کردارێکی ناشیرینە، لە بەرانبەر ئەمەشدا جەمسەری بەرانبەر دەردەکەوێ کە ڕق لێبوونەوەی

ئاشکرایە، کە کاراکتەری ڕۆمانەکە ئەم کردارە بە کردارێکی باشتر و چاکتر دەزانێت لەو ستایشەی کە بۆ بەرژەوەندی بەکاردەهێندرێت، واتە ڕۆماننووس دەیەوێ پێمان بڵێ دوژمنی ئاشکرا باشترێکە لە دۆستی دووڕوو، هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕاددەی ئازاردانی لایەنی دەروونیی کاراکتەرەکە لە بەرانبەر کرداری یەکەم زیاترە و ڕقلێبوونەوەی ئاشکراش کە هەرچەندە ڕەفتارێکی خراپە، لە وەها بارودۆخێکدا دەبێتە ئاماژەیەک بۆ باشە، کەواتە ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە کلتوورە ناوچەییەکان بەردەوام تایبەتمەندییەکی دینامیکی و گۆڕاویان هەیە، واتە ئاماژەی کردار و ڕەفتاری تاکەکانی کلتوورێکی ناوچەیی مەرج نییە بە چەقبەستوویی و نەگۆڕی بمیننەوە، چونکە وەک باسمانکرد ئاماژەی ئەم کردارانەی کە لە نموونەی سەرەوە خستمانەڕوو ڕێک پێچەوانە دەبێتەوە، وەک ئەوەی "ڕقلێبوونەوەی ئاشکرا" ئاماژە و دەلالەتەکەی لە کردارێکی خراپەوە دەگۆڕێت بۆ کردارێکی چاک، ئەمەش ئەو بنەمایەی تری لەسەر جێبەجێدەکرێ کە دەگوترێت کامڵنەبوون کێماسی و نەنگی نییە، چونکە بیرمەندانی ئەو بوارە باوەڕیان وایە ئەم کێماسییە دواجار دەبێتە هۆکاری بەرەوپێشچوونی کلتوورەکە.

دواتر پێشەنگانی بواری سیمۆلۆژیای کلتوور باوەڕیان وایە زمان و زار و بنزارەکان ئاوێنەی کلتوورەکانن، واتە زمان دەبێتە ئامرازێک تاکو لە ڕێگەیەوە درک بە ماهییەتی کلتوورێک بکەین، ئەگەر زمان نەبێت کلتوور ڕێگەیەکی خۆدەربڕین لەدەستدەدا، هەر بۆیەش ئێمە لە ڕێگەی زمانەوە مۆڕاڵ و ماهییەت و خەسڵەتی کلتوورەکان دەناسین، لەم نموونەیەی خوارەوە ڕاستیی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەردەکەوێت:

"هەتیمە بیژییە وەرە، بێرەکەش لەگەر خۆت بینە "ئەسعەد لەسەربانەوە هاواری کرد" چ بووە؟ خاکەنازی لۆ کێندەر لەگەرە خۆم

بینم "یونس گووتی بۆ قەبری بابت، هەتیم، سەروەری مەحمود بەڵەکی مردووە" (غەریب،٢٠١٨:١٥٧) .

لێرەدا بە پشتبەستن بەو زمانەی کە کاراکتەرەکان قسەی پێدەکەن دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە کلتووری کۆمەڵگای ئێمەدا یارمەتیدان و بەهاناوەچوونی خاوەن تازییە و ئەوماڵباتانەی کە کەسێکیان لێ دەمرێت کردارێکی باوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە ڕێی زمانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کلتووری کۆمەڵگای ئێمە تاکەکان زیاتر زمانێکی زبر و جنێوئامێز بەکاردەهێنن و ئەم زمانە زبرەش دەبێتە بەشێک لە کلتووری تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەم کردارەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەروەردە و هەڵسوکەوت  و ڕەفتاری تاکەکانی کلتوورێکی ناوچەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە ڕێگەی ئەو زمانەی کە کاراکتەرەکان قسەی پێدەکەن دەگەینە ئەو بڕوایەی لە کلتووری کۆمەڵگای ئێمەدا زارەکان و شێوازی ئاخاوتنی جیاواز لە یەکتری هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەم کلتوورە زیاتر دەوڵەمەند بێت، هەروەک ئەوەی کە کاراکتەرەکان تەنانەت بۆ تاکە ئاماژەیەک دوو دەستەواژەی جیاوازی وەک "بێر" و "خاکەناز" بەکاردەهێنن، کەواتە ئەم دەوڵەمەندییەی زمان دواجار دەبێتە هەوێنی دەوڵەمەندتر بوونی کلتووری کۆمەڵگاکە، بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی مەبەستەکەمان ئەم نموونەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

((سەردانی هەولێر دەکات، دەچێتە لای تانکیەکەی سەیداوا، ناڵێ (ئەڵێم) و دەڵێ (ئەرێم) ناڵێ (وەکو) دەڵێ (وەکی) )) (غەریب، ٢٠١٨: ٣٨٩).

ڕۆماننووس بە ئەنقەست شێوازی ئاخاوتنی دوو ناوچەی جیاوازی سەر بە یەک بازنەی کلتووری بەراوردەکات، بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زارێک لە زمانێکی دیاریکراو ڕاستەوخۆ دەزانین ئاخۆ ئەو کەسەی قسە دەکات سەر بە چ ناوچەیەکی جوگرافییە، شێوازی ئاخاوتنی تاکەکان دەبێتە نیشانەیەک بۆ

دەستنیشانکردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی تاکەکان لە بازنەیەکی کلتووریدا، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەم زار و بنزارانە دەبنە هەوێنی دەوڵەمەندبوونی زمان، ئەم دەوڵەمەندبوونی زمانەش دەوڵەمەندبوونی کلتووری لێدەکەوێتەوە.

## ٣- سیمۆلۆژیای کلتووری (گەردوون)ی لە ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریبدا:

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لێکدانەوەی نیشانەکان لە دوو ئاراستەوە شرۆڤە دەکرێن. یەکەمیان، ئەوەیە کە ئاراستەکەی ڕوو لە دەربڕینە و کۆدەنگی لەسەرە، واتە ئەم سیمانە لە زۆربەی کلتوورەکاندا تەنیا یەک واتایان هەیە و ناتواندرێت واتایەکی دیکەیان پێبدرێت، بەڵام لە ئاراستەی دووەمدا ئازادی لە دیاریکردنی ناوەڕۆک و واتا بۆ سیمەکان هەیە، واتە کلتوورە ناوچەییەکان بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی نیشانەکان دەدەن. ئەگەر بڕوانینە ئاراستەی یەکەم، ئەوا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەم نیشانانە دەچنە چوارچێوەی سیمۆلۆژیای کلتووری گەردوونی، بۆ نموونە لە ڕۆمانی **"سەردەمی گریانی بەلقیس"**دا ئەوە بەرچاودەکەوێت کە ڕۆماننووس باس لە کۆمەڵێک نیشانەی وا دەکات کە کۆدەنگیی کلتوورەکانی لەسەرە:

"سەرمەد وتارێکی کورت و پوختی بۆ دانیشتوانی هەموو سەر زەویش نووسیبوو، وتارەکە ڕووی لە هەموو ئینسانییەت بوو، بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ سەدساڵی ئایندە داڕشتبوو، پێکەوە ژیان و خۆشەویستی و ئازادی، سەرمەد بیری لە ژیانی مەل و ماسی و دار و درەختیش کردبۆوە. مرۆڤی دونیا ئازادەکەی سەرمەد زۆر حەزیان لە مۆسیقا و مەلەکردن و کارکردنە، هەمووان ڕازی و بەختەوەرن" (غەریب،٢٠١٨،١٢٨).

مەبەستی ڕۆماننووس ئەوەیە لە ڕێگەی نامەکەی سەرمەدەوە کۆمەڵێک نیشانە و بنەمای گەردوونی کە ڕێککەوتن و کۆدەنگیی جیهانی لەسەرە ئاشنای خوێنەر و تاکی سەر بە بازنە کلتوورییەکەی خۆی بکات، لە دیارترین ئەو نیشانە گەردوونییانەش دەکرێت ئاماژە بە پرسەکانی وەک **"ئاشتی"**، **"ئازادی"**، **"خۆشەویستی و پێکەوە ژیان"** و هەروەها **بابەتی "پاراستنی ژینگە"** و گرنگیدان بە بواری **"وەرزش"** و **"مۆسیقا"** بکەین، کەواتە نووسەر دێت لە ڕێگەی نامەیەکەوە کۆمەڵێک پەیامان دەداتێ کە گشتیان هەڵگری خەسڵەتی جیهانین و ڕێککەوتنی کۆی کلتوورەکانی لەسەرە و بوونەتە کۆڵەکە و بنەمایەکی بنەڕەتی لە تەواوی کلتوورەکاندا و بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبن بە نیشانەی گەردوونی.

یەکێکی تر لەو خەسڵەتانەی کە ڕوخسارێکی گەردوونی وەرگرتووە هاوکاری و یارمەتیدانی کەسانی هەژار و لاواز و بێتوانا و تێکشکاوە، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە لە تەواوی کلتوورەکان بەرچاودەکەوێت و ئەم خەسڵەتەش بووە بە خەسڵەتێکی جیهانی و نیشانەیەکی گەردوونی کە تەواوی کلتوورەکان لەسەری هاوڕان، بۆ ئەم مەبەستە نووسەر لە ڕۆمانی **"سەردەمی گریانی بەڵقیس"**دا باس لە بابەتێک دەکات کە مۆرکێکی جیهانی وەرگرتووە و بووەتە نیشانەیەکی گەردوونی: **"نیان بۆی پێکەنی، خەندە خستنە سەر لێوی دڵشکاوان زەکاتی جوانییە"** (غەریب،٢٠١٨،١٣٤)، ئەو مەبەستیەتی پێمان بڵێت تەنیا بەخشینی پارە و ماڵ و سەروەت نابێتە زەکات و چاکە کە لە کلتووری وڵاتانی ئیسلامیدا شتێکی باوە، بەڵکو دڵخۆشکردن و خەندە خستنە سەر لێوی کەسانی خەمبار و دڵشکاویش جۆرێکە لە هاوکاری و بەخشندەیی. ئەمە لایەکی لێکدانەوەی کۆدەکانە و لاکەی دیکەی ئەوەیە بە یار دەڵێ تۆ جوانی و زەکاتی جوانانیش ئەوەیە خەندە بخەنە سەر لێوی خەڵکی.

ئەگەر بە وردی باس لە نیشانە گەردوونییەکان بکەین، ئەوا زۆرجار دەبینین هەندێک یاسا و دەستوور دەبنە پایەی کلتوورێک و کار و کردەوە و ڕەفتاری تاکەکانی سەر بە کلتووری ئەو کۆمەڵگایەی پێ هەڵدەسەنگێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم یاسایانە مەرج نییە لە تەواوی کلتوورەکاندا بە هەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هەمان دیدگای بۆ هەبێت، بۆ نموونە لە پرسی ڕەوشت و ئەخلاقدا مەرج نییە یاسا و دەستووری بازنەیەکی کلتووری هەماهەنگ بێت لەگەڵ بنەما ئەخلاقییەکان، هەروەک زۆرجار ڕەفتار و کردارەکان بنەمایەکی یاساییان هەیە کەچی لە بەرانبەردا ئەم کردارانە ئەخلاقی یاخود ڕەوشتی نین، بۆیە دەبینین لەوەها بارودۆخێکدا ئەوە تاکەکانن بڕیار لەسەر ڕەوشتی و ناڕەوشتی کردار و ڕەفتارەکان دەدەن، بەو واتایەی مەرج نییە ئەوەی ئەخلاقی بێ یاسایی بێ و مەرجیش نییە ئەوەی یاسایی بێ ئەخلاقی بێ، بەڵام دەکرێ یاسایەکی گونجاو و لەجێ بازنە کلتوورییەکان تێبپەڕێنێ و بچێتە ناو بازنەکانی دیکە و سیفەتێکی گەردوونی وەربگرێ، بۆ نموونە یاسای پاراستنی ژینگە، یان مامەڵەنەکردن بە مرۆڤ یان ڕێزگرتن لە مافی کرێکاران... هتد، بۆ ئەم مەبەستە ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو، کە ڕۆماننووس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بنەما ئەخلاقییە گەردوونییەکان جێگیر و چەسپاون و تاکەکان خۆیان دەتوانن هەست بە لایەنە ڕەوشتییەکان بکەن، تەنانەت ئەگەر دەستوور و یاسا بەردەستەکانی وڵاتیش لایەنە ڕەوشتییەکەی لەبەرچاونەگرتبێت: **"هەمووتان تەنها ڕواڵەتن، لە ڕواڵەتدا دوای خۆشەویستی و ئازادی وکەڕامەت کەوتوون، ئامۆژگارییەکانت بۆخۆت هەڵبگرە، من گەورەم و دەتوانم بڕیار بدەم، یاساش لەگەڵ منە"**

**"با هەموو دونیا لەگەڵت بێت، کە یاسای ئەخلاق لەگەڵت نەبوو هیچە"**

با کەس ئامۆژگاری ئەخلاقم نەکات، یاسای ڕەوشت لە دڵی خۆمدایە، هیچ هەڵەیەک ناکەم" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٥٣).

ڕۆماننووس باس لە لایەنە ڕەوشتی و نارەوشتییەکانی ڕەفتاری تاکەکان دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەرج نییە یاساکان لەگەڵ بنەما ڕەوشتییەکاندا هەماهەنگ بن، بۆیە لە وەها هەلومەرجێکدا کۆمەڵێک ڕەفتار هەن لە لایەنی ڕەوشتییەوە کۆدەنگیی جیهانی لەسەرە کاتێک دەنووسێت "با هەموو دونیا لەگەڵت بێت، کە یاسای ئەخڵاق لەگەڵت نەبوو هیچە"، مانای وایە تاک دەتوانێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاساکان ئەو بنەما ڕەوشتییانە بناسێتەوە و مەسەلەی ئەخلاق و ڕەوشت چووەتە قاڵبی کلتوورە گەردوونییەکە و لە هەموو کلتوورکاندا تا ڕاددەیەک پێناسەیەکی جێگیری هەیە.

وەک ئاماژەمان پێدا کە یەکێکی تر لە تایبەتمەندی و بنەماکانی سیمۆلۆژیای کلتوور چنینی گێڕانەوەیە، کە تیایدا مەرجە پاڵەوانی دەق ئەو توانایەی هەبێت لە فەزای کلتووری ناوچەی خۆی دەربچێت و باز بداتە ناو بازنە کلتوورییە جیاوازەکان و بازنە گشتییەکە، تەنیا پابەندی دابونەریتە کلتوورییەکانی بازنەکەی خۆی نەبێت، وەک چۆن زۆرجار پاڵەوان ئەو نەریت و بەها کلتوورییانەی خۆی فەرامۆش دەکات و لەبەرچاویاننناگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ڕۆمانی **"سەردەمی گریانی بەلقیس"** دەگەڕێینەوە، کە نووسەر ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە ئەم ڕووداوە جۆرێکە لە تێکشکاندن و لەبەرچاونەگرتنی بەهاو نەریتی کلتوورە بازنەییەکەی خۆی، کاتێک **"سەروەر"** کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، لەبەردەم خەڵک و لە شوێنێکی گشتی وەک زانکۆ **"نیان"**ی خۆشەویستی ماچ دەکا، کاتێک لە لایەن ڕاگری کۆلێژەوە بۆ لێپرسینەوە بانگدەکرێن **"سەروەر"** بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو ڕووداوە، ناچاردەبێت وایان تێبگەیێنێت کەوا **"نیان"** خێزانیەتی: "**چایچیەکە گوتی "کەس ژنی خۆی لەبەر چاو ئەو**

**هەموو خەڵکە و لە باخچەی زانکۆ ماچ ناکات" ئەوان قسەیان نەکرد، وردەوردە، وەک سوپایەکی تێکشکاو، بەبن دیوارەکاندا پاشەکشەیان کرد، پێش ئەوەی بە تەواوی دووربکەونەوە، چایچیەکە گوتی "کەس ژنی خۆی ناباتە ئەو پەناوپەسیوە" سەروەر نیانی لەگەڵ نەبا دەیگوت "ئەی ژنی خەڵکی دەبات؟"** (غەریب،٢٠١٨:٢٣٤).

لێرەدا دەبینین ڕۆماننووس بە مەبەست ئەو ڕۆڵەی بە پاڵەوان داوە، تاکو بتوانێت ئەو کۆت و بەندە کلتوورییانە تێکبشکێنێت کە بازنە کلتوورییەکەی کۆمەڵگاکەی ئەو سەپاندوونی، بۆیە سەروەر لەناو باخچەی کۆلێژ خۆشەویستەکەی ماچ دەکات کە ماچکردن مۆرکێکی گەردوونی وەرگرتووە و لە هەموو کلتوورەکاندا دەلالەت لە خۆشەویستی دەکات، بەڵام لەناو دابی بەشێک لە بازنە کلتوورییەکاندا هەلومەرجی پێویست هەیە بۆ ئەو پرۆسەیە، کەچی "سەروەر" ڕەچاوی ئەو داب و نەریتە ناکات و باز دەداتە ناو خانەی کلتوورە گەردوونییەکە. دواتر کە چایچییەکە دەڵێت **"کەس ژنی خۆی ناباتە ئەو پەناوپەسیوە"**، **"سەروەر"**ی پاڵەوانی دەق وەڵامێکی لۆژیکی دەداتەوە کە هاوکات لە کلتوورە گەردوونییەکەشدا کۆدەنگی لەسەرە کاتێک دەڵێت **"ئەدی ژنی خەڵکی دەبات؟"** مەبەستی ئەوەیە هەر کەسە و خێزان یاخود خۆشەویستەکەی خۆی ماچبکات، کارە شیاوەکەیە، نەوەک ژنی خەڵکی، چونکە بوونی پەیوەندی لەگەڵ خێزانی کەسێکی تردا پەیوەندییەکی ڕێگەپێنەدراوە و لە هەموو بازنە کلتوورییەکاندا ئەمە کارێکی نەشیاو و ناپەسەندە، واتە ئەمە بووە بە نیشانە و دەلالەتێکی گەردوونی و گشت کلتوورەکان هاوڕان لەسەر نەبوونی ئەم جۆرە پەیوەندییانە.

سەرەڕای ئەمەش باس لە بابەتێکی تازە دەکەین و نیشانەیەکی تری کلتووری دەخەینەڕوو کە دەتوانین لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری بکەین و شرۆڤەی بکەین، واتە ئەو نیشانەیە هەم خەسڵەتی گەردوونی

هەیە و هەمیش دەتوانین لە چوارچێوەی کلتووورە پاژییەکانەوە لێی بڕوانین کە ئەویش پەیوەندی بە بابەتی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەڵقە گۆڕینەوە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لە کلتووری کۆمەڵگەی ئێمە و وڵاتانی ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی بە گشتی، پێویستە سەرەتا ڕەزامەندیی دایک و باوک یاخود، بەخێوکەرانی ئافرەتەکە و پیاوەکەش وەربگیرێت، کەچی لە بەرانبەردا لە ڕوانگەی کلتووری گەردوونییەوە ڕەزامەندیی دایک و باوک مەرج نییە بۆ ئەم پرۆسەیە و کچ و کوڕ خۆیان ئازادن لەوەی کە کێ بە هاوسەر و هاوژین هەڵبژێرن، واتە کچ و کوڕ خۆیان لەمبارەوە بڕیاری کۆتایی دەدەن، کە ئەمەش مۆرکێکی گەردوونی بەخۆیەوە گرتووە و لە بەشی هەرە زۆری بازنە کلتوورییەکاندا ئەم خەسڵەتە بەیەک چاو سەیر دەکرێت: **"نیان هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتبوو، کە ئەڵقە گۆڕینەوە و شەکراو خواردنەوەکەی بەبێ بەلقیسی دایکی و لە شەقامێک بێت، کە کەسی تێدا ناناسێت"** (غەریب، ٢٠١٨: ٢٨٩).

لەم ئەڵقەگۆڕینەوەیەدا، کچە بەبێ ڕەزامەندیی دایک و باوک و براکانی و لە شەقامی شارێکی دوور و لەناو خەڵکێکی نەناسراو شوو بە کوڕێک دەکات، ئەم کردارەش ئەگەرچی لە کلتووری ئێمەدا نیشانەی بێڕێزیکردن و ئابڕووبردنی بنەماڵەی ئافرەتەکەیە، کەچی لە بەرانبەر ئەمەدا لە کلتوورە گەردوونییەکە ئەم کردارە هەڵگری هەمان دەلالەت نییە، چونکە لە کلتوورە گشتییەکە ئەوە یەکلابووەتەوە کە دەبێت کچ و کوڕ دوای تەمەنی هەژدە ساڵی خۆیان بڕیار لەسەر ژیان و داهاتووی خۆیان بدەن. ئەوەی لەم ئەڵقەگۆڕینەوەیە جێی سەرنجە ئەوەیە، خودی ئەڵقەگۆڕینەوەکە بەشێکە لە کلتوری گەردوونی و لە کلتووری زۆربەی نەتەوەکان هەیە، بەڵام ڕوانین بۆ شێوازی ئەڵقەگۆڕینەوەکە لە کلتوورێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە و ئەوەش سروشتێکی لۆکاڵی پێدەدات.

ئینجا ئەوەی گۆمەکە قوڵتر دەکاتەوە ئەو شەنگستەی سیمۆلۆژیای کلتوورە کە دینامیکیەتی ڕگەزەکانی خۆی بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبەستێتەوە، ئەمە بەو واتایەی ڕاستە کلتوورەکان ئاگاداری چالاکییە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی بازنە جیاوازەکانن و کۆی ئەم چالاکییانەش کاریگەرییان لەسەر نیشانە کلتوورییەکان هەیە، کە کاریگەرییەکە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە نیشانە و دەلالەتەکان و هەردوو بازنەی لۆکاڵی و جیهانیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی بازنەیەکی کلتووری، دەستبەرداری خەسڵەتێکی خۆی ببێت کە بە زۆر سەپێندرابێت بەسەر چینێک لە تاکەکانی کۆمەڵگاکە، بۆیە کاتێک دەڵێت "**نیان بەخەیاڵیشیدا نەهاتبوو کە ئەڵقە گۆڕینەوە و شەکراو خواردنەوەکەی بێ وجودی دایکی بێت**" مەبەستی هەیە، مەبەستەکەشی لە ڕستەی دواتر دەخاتەڕوو:

"کچ لە شوکردندا بەبێ سێبەری دایکی هەست بە وجودی خۆی ناکات، کە کچ پشتی لە دایکی کرد، ئیدی هەموو هەنگاو نانێکیان حەیاچوونە" (غەریب،٢١٠٨:٢٨٩).

بێگومان ئەمە لەبازنەیەکی لۆکاڵیدا دەبیندرێت، کەچی لە بازنە گشتییەکەدا ڕۆماننووس خۆشەویستی و موحیبەتی دایک بۆ ڕۆڵەکانی دەخاتە بەرچاو، کاتێک دەڵێت: "هەرگیز ئەوە ڕونادات دایکێک لە دڵەوە پشت لە کچەکەی بکات" (غەریب،٢٠١٨:٢٩٠).

زۆرجاریش لە لێکدانەوەی نیشانە و سیمبولە کلتوورییەکاندا، شرۆڤەکاران پشت بەو بنەمایەی سیمۆلۆژیای کلتوور دەبەستن، کە دەگوترێت هەر نیشانەیەک لە چوارچێوەی دوو جەمسەری دژ بە یەک واتادار دەبن، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەگەر مەبەستمان بێت لە واتا و مەفهومی نیشانەیەک بە باشی تێبگەین، ئەوا پێویستە سەرەتا واتا و مەفهومی ئەو وشەیە تێبگەین کەوا دژواتاکەیەتی.

## ئەنجام

١- ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەلقیس، چونکە ڕووداوە سەرەکییەکەی ڕووداوێکی تەواو کۆمەڵایەتییە، بۆیە زمانەکەی پڕیەتی لە نیشانەی کلتووری.

٢- هەردوو جۆری نیشانە کلتوورییە گەردوونییەکان و نیشانە کلتوورییە لۆکاڵییەکان لە ڕۆمانەکەدا هەن.

٣- لە ڕۆمانەکەدا ڕێژەی نیشانە لۆکاڵییەکان زۆر زیاترە لە نیشانە گەردوونییەکان.

٤- لە ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەلقیسدا زۆرترین هێما کلتووریەکان ئەو هێمایانەن کە پەیوەندییان بە باوکسالاری و بنپێخستنی مافی ئافرەتەوە هەیە.

## سەرچاوەکان

### لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :

- خۆشناو، سەرباز مەجید عومەر(٢٠١٦)سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد رەفعەتدا، ماستەرنامە، زانکۆی سۆران، فاکەلتی ئاداب.

- حەسەن، ئیبراهیم(٢٠١٢)، ڕەنگدانەوەی کەلەپور لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- غەریب، جەبار جەمال(٢٠١٨)، سەردەمی گریانی بەلقیس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.

- پیربال، فەرهاد(٢٠١٨)، قەبرێکی سێگۆشە، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی کلتووری، تاران.

### لیستی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

- یورگان، دنیس و همکاران(١٣٨٨)نشانەشناسی چیست، ت/ دکتر علی میر عمادی، تهران،ورجاوند

- دیچز،دیوید(١٣٧٩)شیوەهای نقد ادبی، ت/محمد تقی(امیر) صدقیانی و دکتر غلا محسین یوسفی، چاپ پنجم-تهران

- رجبی، مریم(١٣٩٤)نشانەشناسی فرهنگی بیست غزل اقتفایی ابتهاج از حافظ، پژوهش، تهران.

- لوتمان، یوری و ...دیگران(١٣٩٠)در باب ساز و کار نشانەختی فرهنگ، ت/ فرزان سجودی، در نشذانە شناسی فرهنگی، مجموعە مقالات ترجمە، گروە مترجمان، نشر نی، تهران.

- پاکتیچی،احمد(١٣٩٠)سخنرانی دورە نشانەشناسی، مرکز تحقیقات، دانشگاە امام صادق.

- پوسنر،رولان(١٣٩٠)اهداف اصلی نشانەشناسی فرهنگی، ت/ شهناز شاهطوسی، مجموعه مقالات، ت/ گروه مترجمان، تهران، نشر علم.

لیستی سەرچاوەکان بە زمانی عەربی:

- حمداوي، جميل(د)(٢٠١١)بناء أالمعما ألسيميائي في ألنصوص و ألخطابات، مغرب.

- قاسم، سيزا(٢٠١٤) أنظعة الاعلامات في أللغة و أدب و ألثقافة، تبعة تنوير الالى، دار الطباعة و النشر.

- صيداوي،رفيق رضا(٢٠٠٨)الرواية العربية بين الواقيع و التخيل، دار الفارابى،بيروت.

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :**

- Lutman,jury,Uspenski,Boris,Ginsburg L.j (1985)the semiotic of Russian culture history,Ithaca,cornell university press,London.

-- Lotman ,jury and Uspenski ,Buris(1978)on the semotic mechanism of culture, in the new litevary history.

Abstract

Cultural Semiotics in Serdemi Gryani Balqis-by Jabar Jamal Gharib is the title of this research which the concept of Semiotics has explained, the relations between cultural semiotics and literary texts have shown, and there, language, as the most important item which collects both of them has focused on. In another section, the most significant features counted and analyzed, cultural semiotics takes these features as a princips to undrstand cultural sems and signs through them.

Also in practical part of the research there are two major sections, the first is about local cultural signs in the novel, and the second is about universal cultural signs, there is no doubt that there are both types of cultural signs in the novel.

**الملخص**

السيميائية الثقافية في الرواية (سەردەمی گریانی بەلقیس- لجبار جمال غريب) هو عنوان هذا البحث الذي تطرق الى مفهوم السيميائية، وقد عرضت العلاقات بين السيميائية الثقافية والنصوص الأدبية ايضا، وهناك، اللغة، باعتبارها العنصر الأكثر أهمية الذي يجمع كلاهما، ركزت على دورها في السيميائية الثقافية. في قسم آخر، تم عد و تحليل أهم السمات التي تأخذ السيميائية الثقافية هذه الميزات كمبادئ لفهم العلامات والعلامات الثقافية من خلالها.

وجد أيضا في الجزء العملي من البحث قسمان رئيسيان، الأول عن العلامات الثقافية المحلية في الرواية، والثاني عن العلامات الثقافية العالمية، ولا شك في أن هناك كلا نوعين من العلامات الثقافية في الرواية.